# گەشەی ئەوین

ژیلا حسەینی

نشر ژیار

کوردیکا
@kurdica

پێشکەشە بە :
باوکی خۆشەویستم شێخ مێهران

پیاچوونەوەی : خانمی نەجیبە ئەحمد ـ جەلال مەلەکشا ـ حەکیم مەلا ساڵەح

تێبینی : ئەو شیعرانەی پێشتر لە گۆڤارەکانا بڵاو بوونەتەوە بەم شێوە دەسنیشان ئەکرێن

گوڤاری سروە (س. ژمارە.... )

گوڤاری مامۆستای کورد (م.ک. ژمارە ...)

گوڤاری نوسەری کوردستان (ن.ک. ژمارە ...)

گوڤاری رەوشەن (ر. ژمارە ...)

رۆژژمێری گۆران (ر.گ. ساڵی ...)

شرکت نشر ژیار ـ سنندج : صندوق پستی ۶۶۱۳۵/۳۳۵

---

گەشەی ئەوین

ژیلا حسەینی

چاپی یەکەم : ۱۳۷۴ی هەتاوی

حروف چینی : ژیار

تیراژ : ۳۰۰۰

لیتوگرافی : **آرمان**

چاپ و صحافی : **آرمان**

تەڕاح رووبەرگ : لاله خانم یەزدانجو

# پێڕست

## لاپەڕە


وتەیەک ........................................ ٦
چرپەیەک ........................................ ٨
ژین ........................................ ١٣
مەزاری بێناز ........................................ ١٥
کۆست ........................................ ١٧
بێزاری ........................................ ١٨
بارانێکی ڕەش ........................................ ١٩
بەختەوەری ........................................ ٢
بەڵگە ........................................ ٢١
عیشقی پیرۆز ........................................ ٢٢
گەشەی ئەوین ........................................ ٢٤
سەمای مەرگ ........................................ ٢٥
شەهید ........................................ ٢٦
چیرۆکی شەو ........................................ ٢٧
ئەلبۆمی ڕەش ........................................ ٢٩
شیوەت ئەکەم ........................................ ٣١
بزەیەکی تۆراو ........................................ ٣٢
مەرگی هەتاو ........................................ ٣٣

ئامۆژگاری ........................ ٣٤
کەلەبچە ........................ ٣٦
پرسیار ........................ ٣٧
پەیام ........................ ٣٨
بیرەوەری ........................ ٣٩
شینی هەژار ........................ ٤
لووتکە ........................ ٤١
ژوان ........................ ٤٤
سێ تار ........................ ٥
یاد ........................ ٥١
مانگ و زەریا ........................ ٥٢
پرسە ........................ ٥٣
خەو ........................ ٥٤
عەشقی سووتاو ........................ ٥٦
عەشقی نەفرینی ........................ ٥٩
شەو ـ بەیان ـ بروسکە ........................ ٦٢
چاوە روانیەکی خۆش ........................ ٦٥
جگەرە ........................ ٦٧
مەڵێ ئەڕۆم ........................ ٦٨
چەن گلەیی ........................ ٧
ڕێگا ........................ ٧٢

ئەی عاشقە لووت بەرزەکە ..................... ٧٤
گوڵاڵە .............................. ٧٦
لارێ ................................ ٧٧
کۆچی بێپایان ........................ ٧٩
کە خەو بە تۆوە ئەبینم .................. ٨
سێ تەرح ............................. ٨٢
شیعرەکانم قەیرە کەوتوون .................. ٨٤

کوردیکا
@kurdica

# « وتەیەک »

کە خواوەندی شیعر تیشکێکی خۆی نیشان ڕۆڵەیەکی ئەدات ، کێوی هەستو خەمەکانی ئەسوتێن و ئەبنە وشە ، ئەو وشانەش ئەبنە سورمەی چاوی کچۆڵەی ئەدەب و مێژوی میللەت ، ئیتر خواوەند گوێی لەوە نیە و چاویش نابڕێتە ئەوەی ئەم ڕۆڵەیەی نێرینە بێ یان مێینە ،گرنگ ئەوەیە ئەو نوری خۆی ئەگرێتە بەندی دڵی و ئەویش شەیدا و عاشقانە شوێن پەیامە پیرۆزە کەی خۆی ئەکەوێ ....

بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتی بە گشتی و ئەدەب بەتایبەتی دەسەڵاتی مرۆڤ وای کردووە ئەو مەیدانە تەختو لەبارەی بۆ نێرینە ئەرەخسێ و ئەتوانێ بە ئاسودەیی ئەسپی خەیاڵی تیا تاو بدات ،بۆ مێینە پڕ لەکۆسپو تاشەبەرد بێ . بۆیە لە تەمەنی مێژوی هەموو گەلاندا کەمتر ئافرەت توانیویانە بەسەر ئەو کۆسپانەدا زاڵ بن و جێگایەک بۆ خۆیان بکەنەوە بێ ئەوەی لە ناوقەدی ڕێگادا دەست بەرداری ببن . لە ناوکوردیشدا زۆر ئافرەت بەهرەی ئەدەبی و هونەرییان بووە و بۆ بە جێهێشتنی جێ پەنجەی خۆیان لەو مەیدانەدا قۆڵیان هەڵ کردووە ، بەڵام بە داخەوە بارودۆخی کۆمەل و خێزان و دەوروبەر ڕیگایان لێ تەسک کردوەتەوە تا وردە وردە بە یەکجاری لێی کشاوەتەوە ، هەر لەم بوارەوە ئەمەوێ بە خوێنەر بگەیێنم کە ئەم دیوانە شیعرە :

زادەی هەستو نەستی ئافرەتێکە بەرامبەر بە روداوە تایبەتیەکانی خۆیو دەورو بەرەکەی.

ئەگەرچی ژیلا خانم ماوەیەکی کەمە خۆی تێکەڵاوی کاروانە مەزن و هەمیشەییەکەی شیعر کردووەو هێشتا لە سەرەتای ڕێگادایە، بەڵام بۆ ئێمە جێی دڵخۆشیو مایەی شانازییە، ئافرەتێک لەم بەشەی نیشتماندا و بە کوردییەکی وا سادە و شیرین هەستو ئەندێشەی ناسکی خۆی بخاتە چوارچێوەی شیعرەوەو بیخاتە بەر چاوو دڵ وزەینمان، ئاواتە خوازم دەیان "ژیلا خانم"ی تر نەک هەر لەمەیدانی شیعردا بەڵکو لەهەموو بوارەکانی‌تری ئەدبو هونەردا دەستبەکاربن، بۆ ئەوەی ئافرەتان خۆیان دەرگا لەسەر گیرو گرفتەکانیان بکەنەوە و پەنجە بخەنە سەر زامەکانیان دواییش هەر خۆیان ڕێگەی چارەسەری ئەو گرفتانەو هەتوانی ئەو برینانە بدۆزنەوە.

من لێرەدا نامەوێ یەکە یەکەی شیعرەکان هەڵسەنگێنم بەڵکو ئەوە بۆ کەسانی‌تر بەجێ ئەهێڵم، هەر ئەوەندە ئەڵێم، ژیلا خانم لەپاڵ ئەو بەهرە تایبەتیەی هەیەتی، بۆ خۆشی هەوڵی خۆ پەروەردە کردنو پێگەیاندن ئەدات چلەروی زمانەوە و چلەروی فراوان کردنی ئاسۆی بیروفیکرەوە. ئەگەرچی بالای شیعرەکانی هێشتا ناگەنە بالای کارەسات و خەمەکانی، یان بە واتایەکی‌تر هێشتا خەمەکان بە ئەندازە و قەوارەی خۆیان لە قالبی شیعرەکاندا خەست نەبونەتەوە ...

نەجیبە ئەحمەد سەقز ۷۲/۲/۱۲

# چرپەیەک

پێشەکی بە پێویستی ئەزانم کە بڵێم سوپاسی هەستی خاوێنی خوشکە ژیلا ئەکەم کە هەمیشە سێبەری لوتفی بە سەرمەوە هەبوەو شێعرەکانی داوەتە دەستم کە چاویان پیا بگێڕم .. پاشان بڵێم :

بەدوای چریکەی بولبولی شیعری مەستورە خانمی ئەردەڵانیدا ، ناو بە ناو لەم بەشەی کوردستاندا ئافرەتی شاعیر هەڵکەوتوون ، کە ئەگەرچی وەکو هەموو مافێکی تریان مافی شاعیرێتیشیان خوراوە ، بەڵام بەپێی ئەو دەورە گرنگەی کە لە مێژووی ئەدەبیاتی گەلەکەماندا گێڕاویانە ، پێویستە لە هەموو کاتێکی تایبەتیدا یادیان بکەینەوەو ئەو شانازیەی کە بەخشیویانە بەگەلەکەمان بیکەینە تاج و لەسەری نێین. ئەو شاعیرانەش وەکو: جیهان ئارا خانمی پاوەیی ، خاتو خورشیدی دایکی قانع ، خاتو خورشیدی داواشی .

ئەم شاعیرانە جگەلە مەستورە خانم کە چەپکە گوڵی شیعرە فارسیەکانی بوْنو بەرامەیان بە خوێندەواران گەشتووە ، ئەوانی‌تر هەروا سەرپێیی جار جارێ یادێکی مێژوویی‌یان کراوەتەوە و هیچی‌تر . کەئەوەش ئەبوو وا نەبوایە ، بەڵام چی بکەین رۆژگار لێمان بوو بوو بە راوچی‌یەکی کارامەو مەلی فەرهەنگمان لەهەرگوْشەیەکەوە دەرکەوتایە لەدەست تیری دەرنەئەچوو .

وا دوای سالگاریک لەم گۆشەیەوە کازیوەیەک وەکو چاوی پەری ئەکەویتە دلدانەوەی دلدارانی شیعری کوردیو بە شەونمی فرمیسکی شادی، پەرەی گولی گۆنایان ئەشوات و گەردی چەند سالەیان لەسەر لا ئەبات.

ئاوازی ئاهورایی (ژیلا خانم) هەم وەکو تاڤگە لە سەرەوە هاژە ئەکاو شەققەی ماچی لە روومەتی خاک هەلئەستینی و پیی ئەلی:

"ئەی سەرچاوەی خۆشەویستیم، دلنیابە ژیانم بە تۆوە بەندە."

هەم وەکو فوارە بەرەو بەرزایی هەلئەچیو ئەیەوی یاقوتی خوینی بەریت و هیندەیتر تاسکلاوەکەی خوری پی برازینیتەوە. ئەیەوی پیی بلی: دلدارەکەم ... خوینی خۆمم لە هەموو شتەیەکیتر بەچاکتر زانی بۆیە بۆت ئەکەم بەدیاری.

دەنگی رەسەنی (ژیلا خانم) فریشتەی ئاسمانی موژدە دینیتە سەماو ئەویش گولبارانی خوینەرانی شیعری کوردی ئەکات. موژدەی پشکوتنی خونچەی دیوانیکی شیعر بەگویی هەموومان ئەگەیەنی. ئەو موژدەیەی کە دەمیکە چاوەرییینی و بەو پەری تاسەوە گوی قولاخی بیستنی بووین.

ژیلا دەمیکە سەروکاری لەگەل شیعری کوردیدا پەیدا کردووە و زۆر لە وەختی تەمەنی بە خویندنەوەی شیعرەکانی نالی، مەولەوی، مەحوی، ئاوات، هیمن، هەردی، شیرکۆبیکەس، محەممەدی حەمەباقی و

هەندێکی ترەوە بەسەر بردووە، کە ئەم خـوێندنەوەیەش بـۆی بـۆتە سەرمایەیەک و دەستی پڕ کردووە، هەر بۆیە ئەبینن بە شـێوەیەکـی چاوەڕوان نەکراو هەڵکەوتووە و دەست بە قەڵەم کوردی یەکی ڕەوان و بێگەرد ئەزانێ، کەئەتوانم بـڵێم شـان ئـەدات لەشـانی ئـەو دەسـتە خوشکانەی کە هەموو خوێندینان هەر بەکوردی بووە.

تێکۆشانی خوشکە ژیلا بۆ خزمەتی شیعر بە شێوەیەکی فـراوان لەوەدا دەرئەکەوێ کە هەوڵی داوە لەهەموو کۆڕە ئەدەبیەکاندا بەشداری بکات، هەم وەکو خوێندنەوەی شیعرەکانی کە هەمیشە حەزی کردووە چاوی ڕەخنەیان بە سەرەوە بێت و بە سنگێکی فراوانەوە ڕەخـنەی وەرگرتوە، وە هەم بە شێوەی گوێگرێکی وریا لەباس و خواسەکاندا بەشداری بکات.

وە هەرکەش خۆی ناسیوەتەو بۆی دەرکەوتووە کە لەو کۆڕانـەدا شیعرەکانی مایەی ڕەزامەندی گوێگران بوون، بە پێی پێویست هەوڵی داوە جار جار لەگۆڤارە کوردیەکـاندا شـیعری بـڵاو کـردۆتەوەو بـە شێوەیەکی فراوانتر دەنگی خۆی بە هـەوادارانـی شـیعری کـوردی گەیاندوە.

شیعر لای خوشکە ژیلا بۆتە خۆراکی ژیان و هەمیشە لە کۆڕو جەمێکدا، گوڵی دڵی ئەگەشێتەوە کە چریکەی شیعری تێدا هەڵسێ لەو کۆڕو جەمانەدا وەکو میوانێکی نامۆوایە کە شاباشی شیعریان تـێدا



کوردیکا
@kurdica

ناکرێ. بۆیە لە دوای ئەم هەنگاوی یەکەمەی چاوەڕێی سەرکەوتنی گەورەتری لێ‌ئەکرێ.

خوشکە ژیلا وەکو شاعیرێکی خاوەن هەڵوێست هەوڵی داوە لە رووداوە خۆش و ناخۆشەکانی گەلەکەیدا بەشداری کردووە، لە لایەکەوە گۆرانی بۆ نەورۆز ئەڵێ وحەز ئەکات گڕو بڵێسەی بەرز و بەرزتر بێتەوە. لە لایەترەوە چەند جار مەرگی شاری هەڵەبجەی شەهید فرمێسکی خوێنینی پێ‌ڕشتوەو هەروەها لەپرسەی گەورە پیاوانی کوردا وەکو هەژاری موکریانی بەشداری کردووە. ئەمەش خاڵێکی تری نیشانەی سەر بەرزی شاعیرە و لەم روەوە پێویستە ریز لەو هەڵوێستە مەردانەی بگیرێ.

دیارە هەر لە سەرەتاوە خوشکە ژیلا ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە شاعیر پێویستە خاوەنی هەڵوێست بێ و ژیانی خۆی توندوتۆڵ گرێ بدات بە خەم و ئازار و زامە ناسۆرەکانی گەلەکەیەوە، بۆیە دەرگایەکی گەورەی لە روی خۆیدا ئاوەلا کردووە و بەشداری کردنەکەشی شاعیرانەیە و بەس. واتە جگە لەرەنگی شیعر هیچی‌تر بە فرمێسکەکانیەوە دیار نیە، چونکە لەم بارەوە گەلێ شاعیرمان هەن کە کۆتەلیان بۆ کارەساتێکی دڵتەزێنی گەلەکەمان گێڕاوە دایان شکاندۆتەوە بەلای سیاستدا و ئەوەش هێزی هونەری لە شیعرەکانیان سەندووە. بەلام ژیلا شاعیرە و شاعیرانە کۆتەڵ ئەگێرێ. ئافەرین خوشکێ لەم

ڕووەوە هەم چاوەڕێی بەشداری کردنی زیاترت لێ ئەکەین و هەم شاعیرانەتر .

شتێکی تر کە بە پێویستم زانی دەری بڕم و بادِواشتیش بێ و ئەوەی تری باشیعرەکان خۆیان لەگەڵ خوێنەردا قسەبکەن ، ئەویش ئەوەیە لەبارەی شیعری منداڵانەوە پێم وایە لەشیعری (کۆست)دا ئەوپەڕی سەرکەوتنی بە دەست هێناوە. بەڵام شیعرەکانی تری کەپێشکەشی کردوون بە (بەهارە)ی کچی بە زمانی گەورە وتراون و هەرگیز جێگەی شیعری کۆست ناگرنەوە.

«حەکیم مەلا ساڵح» سنە ٧٢/٣/٢

# ژین

لە سەرەتای ئاوا بوونتا
ئەی هەتاوی خۆشەویستی
وەکو دڵ لە دوا بی وابوو
هە موو رۆژێ ... هەموو شەوێ
ئەهات تۆزێ ئازارەکانم بسرەوێ
وەنەوزێبەم،
ئەهاتیت و گوڵبارانی باڵای خەمەکانمت
ئەکرد.
سرت ئەخستە سەر تاسەم
باسی ژیانی سەر بەستی و
دوایین ژوانگەی سەر شاخت بۆ ئەکردم.
بەڵام کاتێ رازی نهێنی ئەم ژوانەم
لای شاخەکەی «قشڵاخ» درکاند
هێندە گریا
هێندەی ئاوات بەو خەوە خواست.
دەستی دایە ئێخەی خۆیو
کراسە سپیەکەی بەری، سەرتابە خواری
دادڕان

له درزی کراسه کەیەوە
سەیرێکی نێوسنگ و بەرۆکی رووتیم کرد
هەزارەها چەپکە گوڵی شۆخ و نازدار
له جێگای تۆ سەریان هەڵدا.
هەر ئەو ساتە بڕیارمدا
هەتا هەتا
یاد و تاسەت لە شیعرمدا
هەناسە با
بیر له کۆچت نەکەمەوە
هەرچەن جارێ لە شیعرێکا
بت ژیێمنەوە
تۆیش وەک دڵنیا بووبێتی
له هەموو کاتێکما ئەژیت
وردە وردە ژیانی نێو خەوەکانت بەجێ هێشتو
لە سەر سنگم هێلانەت کرد.
بۆیە سنگم بۆنی مێهرو هیوای لێ دێ
هەتا کودێ خۆرەتاوی خۆشەویستی
لەسەر لووتکەی بیرم هەڵدێ. (س. ژ. ۹۶-۹۵)
(پێشکەشە بە باوکی خۆشەویستم کە لە کاتی راودا کۆچی دوایی کرد)

# مەزاری بێناز

ئەی ئاشنا
تۆ نامناسی ؟!
منیش وەک تۆ خەڵکی وڵاتی گریانم
خەم و فرمێسکن یارانم
دەستی منیش پڕ لە توێشوی تەنیاییە،
دڵم تەنگە
سەرم شێتی سەودایەکی شەیداییە.
هۆ ئاشنا
دەستی تەنیاییت ئەگوشم
تۆو شۆڕەبی حەوشەکەمان
زۆر لە مێژە سەرتان بۆمن داخستووە
بۆ وەی پرچتان دابهێنم.
بانگم ئەکەن .... ناوم ئەبەن
ئەتانەوێ تەنیاییتان بڵاوێنم
من نازانم
خەمی خۆم و خەی ئێوە و خەمی دنیا
بە کام هۆرە ؟! ... بە کام لاوک، بتارێنم؟



@kurdica

ئێستا زانیت؟
من شاعیرێکی ئاوارەم
لەوانەیە دەستم نەڕوا لقێ گوڵت بۆبهێنم
کێل و بەردی سەر مەزارت برازێنم
لەسەر خاکت هەر بەتەنیا بۆ بێکەسیت
شیوەن بکەم
بەلاّم ئەم چاوان دیڕەت وەکو دیاری
بۆ ئەهێنم.

پێشکەشە بە ڕۆحی پاکی ئەو کیژەی هیچ کەس بۆ تەنیا جارێ نەچووە سەرمەزاری

(س. ژ. ٧٩)

# کۆست

"بەهارە" ئەمساڵ بەهار خەمینە
دەشت و دەرو کێو، سیما خوێنینە

نە "جمە"ی خەڵکە، نە "فڕە"ی مەلە، نە "نوزە"ی ژینە
نە شنەی دارو هاژەی روبار و بزە و کەنینە

هاوارە ... دادە ... گریانە ... شینە
"بەهارە رۆڵەم" بەهار خەمینە
کۆستی هەڵەبجە و مەرگی ئەوینە.

(ن. ک. ژ. ١٦)

# بێزاری

ئەی شەوە زەنگ
وەختە منیش وەک "وەیتەلووس"
لاشەی گەنیوی "ئۆتۆن" یت بۆنبکەم و
بڵێم ئۆخەی.
وەختە شووشەی عومرت بشکێ
هێندەی نەماوە ببمەگڕ
چڕستانی پڕلە کینەت بسووتێنم
ببمە لافاو، جەڵغەی دەرونت ڕامالم
زۆر لە مێژە
دەرونی من لە عاستی تۆ پڕ لەقینە
هەناسەی من ئاگرینە
هێندەی نەماوە، وەک هەڵۆ
قەلە ڕەشکەی نامۆیی تۆ
لەدارستان بتارێنم.

(وەیتەلووس قەراڵێکی ڕۆم بوو کاتێ لە مەیدانی شەڕدا لاشەی "ئۆتۆن"ی ڕەقیبی خۆی بینی کە بۆگەنی کردبوو. بۆنی پێوەکرد و وتی: بۆن خۆشترین بۆنی دنیا بۆنی لاشەی گەنیوی ڕەقیبە). (س . ژ . ٥)

# بارانێکی ڕەش

ڕەنگە ئێستا، خۆشەویستی منت لەلا
وەکو خەوێک بێتە بەر چاو
وەکو مۆمێکە چەند شەوێ،
لە ژوورێکی بچکۆلەدا، دات ئەگیرساند
بۆ ماوەیەکی کەم خایەن
تابلۆی ژیانی داهاتووت پێ ئەنەخشاند.
دیارە ئەوینی من لەلات
وەک جگەرە هاتە بەرچاو، لەدوای کێشان
سووتوی عومرم، لە ژێر پێتا
پێ شێل کرا...!
یان وەک پەڵە هەوری بەهار
سوارکارێ بووم
بۆ ماوەیەکی کەم خایەن دام لە بواری ئاسمانت
لە دواییدا لە ئاسۆتا سوور هەڵگەڕام
بووم بە پەڵە و
بەسەر سیمای خۆشەویستی و عەشقەکەتدا
دیاری کرام!
وا ڕویشتی بێ ناونیشان! (م.ک.ژ. ١٣)

# بەختەوەری

هەوڵم ئەدا بتناسم و بتناسێنم
کەوشی پۆڵا و گۆچانی ئاسن بەدەستم
کۆڵان، گەرەک، شارو لادێ
نەما بە شوێنتا نەگەڕێم
کەسێ نەبوو ناوونیشانێکتم بداتێ.
دەشت و چۆڵ و چیام بڕی
تۆم هەر نەدی.
زەریاکانم بە هەناسەی گڕتێ بەر بووم
کرد بە هەڵمو، چیم تیا نەدین.
خەمبار، ماندوو، دڵ پڕ ئازار
لە خەمی هەژاران و
برینی جەستەی زامداران
ورد بوومەوە
هەموو تێکڕا پێم پێ‌کەنین
: «بەختەوەری ؟!
ئەوەی بەشوێنیا ئەگەڕی
منداڵێ بوو بەساوایی سەریان بڕی.»

(س. ژ. ۴۵)



@kurdica

# بەڵگە

دڵم بوخچەیەکی کراوەیە
ئەمەی هەیە لە رواڵەتدا،.. هەر ئەوەیە.
گەر ئەمزانی تەمەنی خۆشەویستی لات
هێندە کورتەو
میهرەبانی جوانەمەرگە،
گەر ئەمزانی ، وشەکانم ئەکەیبە ئەڵقەی زنجیرو
شیعرەکانیشم بە بەڵگە،
قەد نامناسی و بە پرچی خۆم هەڵمەواسی
دڵم ئەکرد بە مجری پۆڵا و ئاسن.
بەڵام داخم، درەنگ زانیم
دەمامک و درۆو خەندەی بێ ناوەرۆک
میراتی عەشق و هەناسەی ئەم سەدەیە.

(س . ژ . ٨٥)

# عیشقی پیرۆز

لە چی ترسای ؟
لە چی تۆرای ؟
بۆ چی رووی خۆتت وەرگێرا ؟
وات ئەزانی دارستانی بەژنی جوانت ئەسووتێنم ؟
کۆشکی بەرزی خۆشەویستیت ئەروخێنم ؟!!!
راستە گیانە، پشکۆو بڵێسەی ئاگرم
هەرەسی بەفری تاسەمو
چاوەروانی هاوار و گرم و هۆڕ ئەکەم.
راستە گیانە، هاوارێکی زۆر بەرزم و
ملەو زریان و لافاویش چاک ئەناسم!
بەڵام، بەڵام
خۆتۆی ئازیز، ئێجگار لەوە باڵاتری
دەستی زریانت پێ بگات....
هەرەس بتکا بە ژێرەوە....
خۆر بتوانێ بتسووتێنێ...
شەپۆل یاریت لەگەڵ بکات.
تۆ سرودێکی تازەیت و

لەسەر لێوی ئەم وڵاتە
ڕۆژی بەهەزاران کەڕەت ئەتخوێننەوە
تۆ ئەو عەشقە پیرۆزەی وا
شەو تابەیان
بەیان تا شەو
لە باوەشی گوڵجارێکا، پرچی جوانی دائەهێنی و
خۆشەویستی، لەناو کوورەی دڵی پاکتا ئەتوێتەوە.
لە چی ترسای
هەرچی دەماری ناودڵمە، هەڵێکێشن
ناتوانن ... نا ...
خۆشەویستیت
لە بیرومێشکم دەرکێشن!

(س . ژ . ٨٣)

# گەشەی ئەوین

لەخۆرەتاوی گەش وایە
دڵی ئاسمان بە تەمایە ..
لە بەر ئەوە بەر بەیانان
کە پێڵووی چاوی هەڵدێنێ
بەرەو ئامێزی شەو گرتوی ئاسمان ئەفڕێ،
گەورە ئەبێ و
باڵا ئەکات
بەر بەرۆژەی عاشق بەتاو
چاوی بڕیوەتە هەتاو
بە چوار دەوریا سەما ئەکات.
کێو سەربەرزی هەڵۆکانە
بۆیە لەبەر باو بۆراندا چۆک دانادات.
ئەی خۆرەتاو، زەریا، کەژان
لەوکاتەوە دڵم ئەوینی ناسیون
چاوی هیوای تێ بڕیون
بۆ لاتان دێ و هاوار ئەکات
چۆک بۆ خەفەت دانادات و
هەڵۆکانی لە خۆی ناکات.

(ر.گ)ساڵی ٦٨

# سەمای مەرگ

باوەشم کرد بە باڵای خەمەکانداو
توند توند بە خۆمەوە نوساندن
یەکە یەکەی ئەو خەمانە باسی تۆیان بۆئەکردم.
ئەوەی کەباسی کوێر بوونی چاوی کردی
ئەوەی کە باسی تینوویەتی ئاوی کردی
ئەوەی وتی:
سووتای، سووتای، رەش هەڵگەڕاو
لە مێژودا وەک تانە، وای
بەنێو چاوی جەلادەوە
بۆ ئەو کەسە خاوەن بیرە
ئالآی ... ئالآی.
دوایین کاتی هەڵقرچانو هەڵلەرزین و سووتان گەیشت
باوەشم توندتر کردەوە خۆشم سووتاند.
خەمەکانم بەسەر کڵۆ خەڵووزی لەشما
سەمای مەرگ و کۆڕی شیوەنیان ئەگێڕا
بڵێسەیان ئە خستە نێو دارستانو
لەو دەمەدا، ! ئە رێ .. ئەرێ لەو دەمەشدا
خێرا ... خێرا مژدەی بەیانیان ئەهێنا.

بۆ حەڵەبچە



@kurdica

# شەهید

ڕۆژی هەرد، و گوڵ، و درەخت ومەل
لەقوڵپی گریانی هەتاو
سەریان سووڕ ما.
گوڵ چارشێوی دا بەسەریا
هەموو تێکڕا چوون لەگەڵیا
چوون بۆلای خۆر ...
: چاک و چۆنی ؟ ... چی قەوماوە؟
خۆر هەناسەیەکی هەڵ کێشاو
دەستی بۆ دۆڵێ ڕاکێشا
لەو دۆڵەدا، لە باوەشی گوڵجاڕێکا
ڕەوە ئەسپێکی سمتەڵا
نۆمایەکیان هەر بەیاڵی خوێنینەوە
لەسەر سنگی خاک ڕاکێشا.
هەردە و کێو و گوڵ و گیا
هەموو گریان.

# چیرۆکی شەو

کە شەو دادێ
مەلی شیعرم، لارە لارە .. بەرەو هێلانە دێتەوە ..
شەوان درەنگ ... لەو کاتەدا
شارو لادێ چارشێوی رەش بەسەر زامەکاندا ئەدەن ...
برینەکانم دێنە سوێ
خەو لە پێڵووی چاوەکانم ئەتارێنن
هەتا شەفەق
لەناو کونجی شەودا گرتووی تەنیاییمدا
میوانێکن، دڵشکاوان ئەلاوێنن ...
هاورێی قاچاخ،
نزیکترین هاورازانم،
دەست لەملی وشەکانم
رچەی نامۆیی ئەشکێنن ..
کەشەو دادێ...
مناڵانی بێ وڵاتی برسیو تینوو
عاشقانی لێک دابڕاوی پڕ لە تاسەی ئەمولاتە ...
دێن وئەبن بەمیوانم

لەگەڵ کازیوەی بەیاندا،
سنگیان پڕ لە بۆنی گوڵی بەختیاری
بەقاقای گەرم، دەست لە ملان ...
دێن ئەچنە ناو دیوانم.

# ئەلبۆمی ڕەش

لەگەل هەور و تاریکیدا، یادت ئەکەم
لەگەڵ خەمو هەژاریدا، یادت ئەکەم
لە کاتێکدا دەنگی بولبول ئەتورێنن
بەختەوەری ئەشەمزێنن
یادت ئەکەم ...
بڕوا مەکە لەیادت کەم
هەتا هەور و خەم بمێنێ
هەتا بولبول سەری شێتی خۆی هەڵگرێ
گەردە لولیش بیخنکێنێ ...
تا ئەوکاتەی بەختەوەری
بە شەرمەوە سەر هەڵبێنێ
بیرەوەری تۆی بێوەفا
پێڵوی چاوی من تەڕ ئەکا.
بڕوا مەکە لەیادت کەم
سنگم دەفتەرێکی ڕەش بووی
بیرەوەری خەمناکیە
مەلی خەیاڵ، هەتا بەیان

لە ناو سەرما ئەجریۆینێ

هەتا خەمو ...
تا هەژاری هەربمێنێ
وشەکانم لە باوەشما
مەمکەی هەستم، لە دەمیانا
هەتا هەتا هەر ئەمێنێ.

(س. ژ. ٥٣)



@kurdica

# شێوەت ئەکەم

ئاسمانێ بووی پڕ لە ئەستێرەی روون وگەش
ئێستا لیڵی ...، ئێستا مۆنی
خەیاڵی تۆ، بۆ پرچی ئاڵۆزاوی من شانەیەک بوو
ئێسگەی حەوانەوەی حەز و تاسەکانم
دەستەکانت پڕلە دیاری متمانە بوون.
کە بیری تۆ، وەکو جەردە ڕێگای هەناسەمی ئەگرت
کوڵمەکانم دائەگیرسان
بەڵام، ئێستا، دەستەکانت بۆنی بێگانانی لێدێ
"بۆن دێ بۆن دێ .. بۆنی کێ دێ ..؟!"
لێم ببورە کە ئاتناسم
نازانم تۆم لە کوێ دیوە
شێوەت باش دێتە بەر چاوم
بەڵام ... نیگات ،
تینی دەستەکانت کوانێ ؟!
قەت وەکو جاران نەماوی
نا، ببورە من ناتناسم ...
تۆ کیوێکی بەسەر روباری تاسەما داڕوخاوی .

# بزەیەکی تۆراو

تۆئەزانی شەوگار لە حەیفی خۆرەتاو، دڵی پڕە
بۆیە مانگو ئەستێرەکان، هەتا بەیان
لەناو سەریا دێن و ئەڕۆن..
هێشتا خەمینو دڵ پڕە؟
بۆگوڵەباخ سیس ئەبێت و بەدەم باوە ناشنێتەوە؟!
ئاخر بولبول، بۆ ماوەیەکی کەم خایەن لەسەر چڵە
لەو دەمەشدا، کە هەڵ ئەفڕێ..
هیوای دوارۆژ، بڕیارێکی ساردو سڕە.
کە تۆ ئەڕۆی، شەوگاری من ڕەشو مۆنە
گوڵی هیوام بێ چرۆیە، بۆنی نایە.
مەلی بیرم شاباڵ قرتاو ... لەش خوێناوی
هیوای دوارۆژ لە تاریکیو هەورا ونبوو
کۆرپەی عەشقم بزەی نایە.

# مەرگی هەتاو

کاتێ گوڵێک هەڵئەوەرێ
بولبول ئەگری ،
لەوکاتەدا، هەتاو ئەمرێ،
دنیا بەرگی رەش ئەپۆشێ.
رووبار ئەمرێ،
زەوی دڵی شەقار شەقار،
لێوی وشک هەڵئەگەرێ.
تۆ نەتدیوە چۆن خۆڵ ئەکا بەسەر خۆیا؟!

*****

بۆ مردنی هەر دڵدارێ، دڵدارێکی دڵ پڕ ئەگریو
لەسەر گڵکۆی خۆشەویستی
تا جە گوڵێنە دائەنێ،
بــەڵام
کاتێ دڵی من مرد، کەس نەیزانی
کەس لەپرسەی دڵیمندا
فرمێسکێکی هەڵنەوەراند
دەستیان گرتم، لاشەی بێدڵیمنیان برد
هەڵیان پەڕاند. (م.ک.ژ. ١٣) و(ر.ژمارە ١١)

# ئامۆژگاری

لەوکاتەدا شۆخە کچێکی نازدارت
کرد بە بووکی ناوژوورەکەت
دەخیلتبم، ئاگات لێبێ
بۆنی پەنجەکانم نەکات، لە گوڵدان ولەسەر تاقو
پەنجەرەکەت.
کەپێی وتی:
"بۆنی گوڵێکی هەڵوەریو دێتە لووتم"
بڵێ: "گیانە، دڵنیابە، جگەلە تۆ،
گوڵێک نیە لەم جیهانە".
نەکەی ناوی من بهێنی
بەختەوەری لەژورەکەت بتۆرێنی!
ئەگەر هاتوو ژنێکتدی
بەژنی بەخەم داپۆشیوە
چاوانی کزو خەمبارە
لێوەکانی وشک هەڵگەڕاو
بەشێوەیا یادتکردم
دانەچڵەکی

نەڵێی وێنەی ئەم هەژارە
لە ئەلبوومی رابردوما یادگارە.

(م.ک. ژمارە ١٣)



کوردیکا
@kurdica

# کەلەبچە

تاڵی لە پەلکە زێڕینەی یادەکانتم
بەست بە قامکی شیعرێکەوە
بۆوەی هەرکاتێ ئەی بینم،
موچڕکی ئۆخەی و خۆزگا بێ بە دڵماو
بەرگەی خەمی دووریت بگرم.
ئێستا ئەو تاڵە زەرکەفتە هەڵکشاوە
کەلەبچەیەو لە مەچەکی هەناسەکانم ئالاوە
چەند بجووڵێم زیاتر لەگیانم توند ئەبێ‌و
لە خەزانی خۆشەویستی‌و گڕ بارانی دووری‌تۆدا
ئۆخەی ژاکا ... خۆزگەم بە پەلکەزێڕینە.

# پرسیار

سەرپۆشە شڕەکەی دایکم
دەس بەرداری سەرم نابێ و
ئەڵێ: «من هی داپیرەتم»
رەنگە ئەویش لەداپیرەی خۆیەوە بۆی بەجێ مابێ
سەریشم پەنجەرەی تاقبازی بەرەو ئاسمانە
حەزئەکا رۆژان میوانداری هەتاو بکات و
شەوانیش مانگ و ئەستێرە.
چاویلکەیەکی قەترانیش لەدایکم بۆ ماوەتەوە
ئەڵێ: «دنیا هەر ئەمەیە تۆ ئەیبینی»
لەگەڵ هەر گرمەی هەورێکا، قارچکی سەدپرسیاری
دووپات و تازەش
لە چاوانما هەڵ ئەتۆقێت.

# پەیام

ئەی ئەستێرە کشاوەکەی دنیای هەستم
لە ئامێزی کام ئاسماندا جریوەت دێ؟
وا لە ناو سەد چەپکە پرشنگدا و لەم دوورەوە
پرشنگی تۆ ئەناسمەوە
لەناو یەک ئاسمان ئەستێرەو
دنیایەک تیشک و رووناکی و دەنگ ورەنگدا
ئەی ئەستێرە کشاوەکە، ئەتناسمەوە.
خۆت لە رووبار مەشارەوە
تۆمندالّی ئەم مەلّبەندەی
هاژەی چەمو خورەی رووبار
دەنگی چرپەی سەولّی دلّدار
ئاشناو روشنای دەروونی تۆن.
خۆت لە رووبار مەشارەوە
لەگەلّ یەکەم پەلّە هەوردا
بەسەر سنگی زەوی خۆتا داکەرەوە
داکەرەوە...

(کۆپلەی ئەخیری ئەم شیعرە لە ژێر کار تێکردنی شیعری «شای شەهیدان»ی خانم «نەجیبە ئەحمەد» دایە)

# بیرەوەری

کە شۆڕەبی
پرچی خاوی باوەشێن کەر
ئەکاتە پەیکی نامەبەر
گوڵاوەکەی ماچێکی شیرین،
ئەکاتە دەم خاکی دڵبەر..
کاتێ هەتاو
ملوانکەی زێڕ، ئەکاتە مل شاخی یاخی
بەدەم سرود و گۆرانی و هەڵپەڕکێوە
کراسێکی زەردوسووری ئاو دامانی ئەکاتەبەر، ...
دڵی خۆزگەم
بە ئاواتی گوڵێکەوە دائەخورپێ
لەئێوارەی زستانێکی کپو مۆندا
تکەی ئاونگی تەنیایی
تکایە سەر گۆنای ئاهەنگی هەڵپەڕکێ
پرچی کاڵی تاسەکانی، بوون بە دەستماڵی سەرچۆپی
دڵی تەنگی بوو بە خەڵاتی کێبەرکێ!

(س. ژ. ٦٥)

# شینی هەژار

ئەمساڵ نەورۆز وەک پارنییە
وا نەورۆز دێ و شاخ، دارستان دائە سپارێ
کانی و رووبار، وەک ساڵیپار،
گوڵاڵەکان بکەن بە ئەڵقەو ملوانک بۆمل کۆسار
زۆر بە پڕتاو، نامەی دڵداری ئەنێرێ بۆلای هەتاو
دستی بەسەر خاکدا دێنێ
بە هێمنی ئەیدوێنێ ..
کەچی ئەمساڵ وەک پارنیە
کانی و رووبار دەمیان وشکەو
هەتاو تینی پێ نەماوە
خاک دڵ پڕە بۆ کۆچی یار
بۆ کۆچی مامۆستا هەژار.



@kurdica

# لووتکە

«دیسانەوە مۆتەی دوژمن بە پێکەنین
چاوی هیوای گوڵ ئەشۆری.
دیسانەوە دەستی ڕەشی کیمیاوی خۆی
بە ڕوومەتی شاخدا دێنێ.
دیسانەوە، قات‌وقڕ بوو بزەو کەنین»

******

کامە زامت خۆشکەمەوە
ئەی خوشکە دڵ سووتاوەکەم
بەکام زمان بت دوێنم
هۆ دایکە جەرگ بڕاوەکەم
پرچی ئاڵۆزی سەرشانت بەکام شانە دابهێنم
خەمو تاسەت، بەکام لاوک و کام هۆرە بلاوێنم ؟!

******

ئەی خوشکەکەم
تۆڵەی ئەوینی سووتاوت
داروبەردی زەوت کراوت
بەکام کێردی دەم خوێناوی بۆبسێنم ؟

ئەمە یەکەم جاری نیە
کە ئەم گورگە دەم خوێنینە
دەرونی وەک ژوری شێدار
شیری سەر ملی رووتەڵە و هەژار
دایکی دێوی نەزانین و هەڵەوفریو
دێت و تیتل و بیبل ئەخوات
شیری مەمکەی شاخ و شک ئەکات،
بزەو شادی لە دارستان
لە چیمەنو دارو بەردو رووبار ئەدزێت
هەروەکو دز، وەکو جەردە!
سەر ریگّا بە بەهار ئەگرێت.

*****

ئەی خوشکەکەم
هۆ ئاوارەی وڵاتە سەر شکاوەکەم
دەیان شەوە شیعرەکانم، وەک منالێکی زۆر برسی
مەمکەی وشکی خاک هەڵئەمژن.
دەیان شەوە مۆم و پێنووس و ژوورەکەم مانیان گرتووە.
دەیان شەوە، خەو لە چاوم نەکەوتووە.
بەڵام ... بەڵام

ساتێ نیە خۆم نەبینم بە لووتکەوە
خەمەکانم نەدەم بەدەم بروسکەوە.

بۆ هەڵەبجە

# ژوان

دەمەو بەیان
کاتێ هەتاو، دەستی گەرمی خستە سەرشانی شاخەکان
کاتێ گوڵاڵە پێکەنی
کانی بە ناز لە خەو هەستا
دارەکان بسکیان دا هێنا
کچێکی جوان
گۆزەی سووری تاسەکانی، بەرەو کانیی خۆشەویستی
خستە سەرشان

*****

ئەگریجەی خاو، قەف قەف لەسەر گۆنا وەستاو
بۆنی سمڵ و مێخەک بڵاو
شەدەو گێل گێلە هەڵپێچراو....
بە لەنجەولار، ئێجگار نازدار.
ڕێگای کانی تریفەچن
کچەکەمان غەرقی خولیایەکی بێبن.
ڕێگای تاسە و ئەوین ئەبڕێ، هێدی ... هێمن.
لەبەر خۆیەوە نەرم نەرم

به دەنگێکی ناسک و گەرم هەڵیدایە:

«هاوارێکی پڕ لەتاسەم

لە کاروانی خۆشەویستی بەجێ ماوم

پڕ بە ناخم بۆنی سیسنەی ئەوینێکی خاوێن ئەکەم

ئەمە چەند رۆژە یارم لێ دوورە

دەشت و کیوانیش نامگرنە خۆیان

گوێم بۆ زرینگەی کاروانی دوورو کەوتوو راگرتووە

هەر ئەڕوات و من بە شوێنیا هاوار ئەکەم..

دڵدارەکەم..

دڵدارەکەم خەڵکی وڵاتی رەشەبا، هەورە تریشقە و بارانە

دڵدارەکەم سەر عێلی خێڵی گریانە

دڵدارەکەم شنەی بایە، دەنگی شەپۆلی زەریایە

خۆری گەشی بەهارێکە هەزار چرۆی لەدڵدایە.

دڵدارەکەم..

گوڵە، باخە، دارە، هەردە

دڵدارەکەم، وەکو شادی بێوەفایە .... بێوەفایە

******

کۆتر فڕی .. کانی گریا .. گوڵ کراسی تاسەی دڕیا

سروە هەستاو ئەم هاوارەی



کوردیکا
@kurdica

وەکو چرپەیەکی شیرین
وەکو چەپکە بۆنێکی خۆش
وەک وەنەوشە
گەیاندە لای شاعیرێکی سەودا سەری، شەو نەخەوتووی
دڵ بەتاسە.
بوو بە هەوێنی شیعرێکی پڕ هەناسە.
«سوبحەن بۆی گوڵان میاونۆم نەسیم
وێنەی وای رەحمەت خەزانەی کەریم
سەحراو دەشت و دەر بەهەشت منمانۆ
مۆرەی هەوای وەش وەشەش دەر شانۆ
جەهەر تەرەفدا موینون گوڵزار
رەنگ رەنگ مەدرەوشۆ بەوێنەی دڵدار
لاله گەردەن کەچ تۆی دیدە رەشتەن
گۆیا عەکس یار وە روشدا وەشتەن
چەمەن هام، لیباس سەوز رەنگ پۆشان
وەفراو چون ئەسرین دیدەی من جۆشان
جەماد و نەبات گرد شادیشانەن
جەماڵ رۆژ عید ئازادیشانەن
تەمام رووی دنیا جە شادی کەیلەن

دڵ نەبۆ پەشێو فیراق لەیلەن
سەهلەن بەهارم دۆزەخ ئاسابۆ
بەهەشتم بێ دۆس، دۆزەح نمابۆ
وەرنە دۆزەخدا، یارم دڵبەر بۆ
پەی من ئار نەتۆی گوڵشەن وەشتەر بۆ
دڵ دوو زنجیرەی زوڵف نیگارەن
وە سەیر سەوزە و سەحراش چکارەن.»
*****
لەم موسیقا دڵی کانی و گوڵ داخورپا
کچەکەمان دڵ پڕ وەستا
کە سەیری کرد،
وادڵدارە، سەودا سەرە و لێوبە بارە.
ڕێگا ئەبڕێ و ئەچریکێنێ
هاواری کرد
ئەی ئەو کەسەی لە ناو دڵما نیشتە جێیتو:
بە پانایی دەشتی تاسە لەمن دووری
دووری لەتۆ
ئائەم کراسە پرچینەی ڕەنگی خەمی بۆ من دووری
سنگی ڕەشی تاسەو دووری بە کێردی گریان شەق ئەکەم

له ناو لەپی دەستی هەستا
ئەستێرەکان ئەسەنگێنم
کامیان لەکامیان گەشتر بێ بۆت ئەسێنم.
چاوەکانم کانگای خەمو تاسەو دووری
پڕ لە هاواری ئەوینە
دڵی تەنگم تەنیا دیاری و توێشوی ڕێمە بۆت ئەهێنم.
ئەوە گیانم
نێو نیشانی عەشقەکەتی تیاببینە
کوندە بە بووی شوومی دووری ، هێلانەیان تیاکردووە
چۆلەکەی هەزار پرسیاریش بە سەرلیومەوە یەخسیرە
جانتای خەفەت بە دەستمەوە سەفەر ئەکەم
بەرەو وڵاتی خۆرەتاو، ئەوین، تاسەو پێکەنین
بەرەو تۆدێم، ئەی خوێن شیرین.
عاشقی شێت و ئاوارە
دڵی خۆزگەی پڕپەژارە
لای کردەوە لەم هاوارە.
«ئازیز وەس بووزەم نە گێجاو خەم
وەس چون بینایی پەنهان بۆ نەچەم
وەختێ جە وەسڵێچ هەر دڵم ڕێش بۆ

مشیۆ وەسڵ و فەسڵ فەرقشان چێش بۆ
«ئاخ پەی خەڵوەتێ بدیام وە بێ خەم
سیوای تۆ دیدەم کەس نەدیام وەچەم
دڵ پەی دیدەنت کام خەڵوەت سازۆ
تۆی دیدەیچم بی مەردم نمازۆ»

له مێهره جانی مەولەوی کورد له سەقز پێشکەش‌کرا

# سێ تار

دڵی تەنگم سێ تارێکە
کاتێ پەنجەی خۆشەویستیت
تاڵی کەزیەی تاسەکانی ئەبزوێنێ

لەو ساتەدا، یادی دووریت
دڵی ماندووی ئە لەرزێنێ
ئاوازی خەم لێ ئەدات و

پڕ بەزاری شیعرێکی نوێ ئەچریکێنێ.

(س.ژ. ٨٢) و (م.ک.ژ. ٢) و (ر.گ) ساڵی ٧١



@kurdica

# یـــاد

کاتێ بەرخۆڵەی ناسکی یادەکانت
رەنگ بزرکاو
لەتاو گورگە شەوێی دووری
ئەچێتەوە نێو باوەشی هەستەکانم
مەمکەی حەز و تاسەم ئەمژێ ..
هێدی و هێمن ئەبێتەوە ژانەکانم .
بۆیە هەزار ئەوەندەیتر
شەوانی دووری و تەنیایی
وەکو شەوە لەسەر سنگم یاری بکەن
وەکو دووپشک پێمەوە دەن
هێشتا یاد و خۆشەویستیت لە دڵمدا
شیرین و شیرینتر ئەبێت .
لە ئاسمانی تاسەو خەمدا
گوڵ ئەستێرەی خۆشەویستی لەدایک ئەبێت .

(س . ژ . ٨)

# مانگ و زەریا

با شەو بڵێ: لەگەڵ ئەستێرە پێکهاتووین
هەتا بەیان لەگەڵ شاژنی ئاسمانا دەستە ملانم"!
من جارێکیان بەو دوو چاوەی خۆم مانگم دی
لەگەڵ زەریا پەیمانی بەست
لەسەر سنگی شەپۆلێکا خەوی لێکەوت ..
بەرەبەیان
بەرلە ئەوەی هەتاو بێتو لەگەڵ یەکدا بیان بینێ
رازی عەشقیان بە گوێی شاخا بچرپێنێ
بە هێواشی دەریا، مانگی لە خەو هەستان
لەگەڵ پۆلێ ئەستێرەدا
گەڕانەوە نێو باوەشی رەشی ئاسمان.
زەریا گریا
دەنگی ناڵەی خۆرەتاوی لەخەو هەستان.

(س . ژ . ٨)
بۆ شیعری مانگ و دەریای مامۆستا شێرکۆ بێکەس

# پرسە

پێکەنین و بزەی شادی
ماوەیەکە لەسەر لێوی وشەکانی من تۆراوە
فریشتەکەم دڵسوتاوە
هێشتا کۆستی شیعری پێشووی سەر بڕاوی لەبیرماوە..
کە ئەو شیعرەیان سەر بڕیم
فریشتەکەم پڕ بە دڵم زریکاندی
پڕ بە ناخم خەمی بۆ خوارد
ئای کە چەندە فرمێسکی ڕشت
ئای کە چەندە گوڵی بۆسەر مەزاری نارد
فریشتەکەم هێشتا بەرگی ڕەش ئەپۆشێ
هێشتا ڕوومەت هەڵ ناگرێ
هەرچی ئەکا
شیعری تری بۆ ناوترێ.

# خــــەو

چیت گەرەکە
بۆریێم نادەی ئەو پرچە شینانەی دەریا دابهێنم
بۆچی بوویی بە دایکم و
ناهێڵی ئەم خاکە جوانە ماچ بکەم و
خۆشەویستی بۆ مەلی ماندووی ئەندیشەم
بکەم بەدان و هێلانە
تاکەی هەوری دوودڵی تۆ ئەم ئاسمانە جێ ناهێڵێ
تاکەی ... تاکەی دەستی رەشت لە نێو سنگی ئاواتمدا
هەر تۆی ناموّیی ئەچێنێت
دەواز بێنە ... دەتۆخوا ئیتر واز بێنە
بادەس ببەم ئەو تۆزانەی شانی چیا
بتەکێنم
دەس هەڵبڕم روو بەشنە رای وەشێنم
بە لەپی دەست ماچ بنێرم بۆ خۆرەتاو
هەر دوو دەستم بخەمە ناو دڵی شەتاو
دەلێم گەرێ بادەم بنێمە دەمی ئاو
تینوویەتی زمانی شکاندوم

ڕێگام بدە ئەم پەنجەرە بکەمەوە
هەناسە بەم
ئیتر هەوای ناو ژورەکەم بۆنی بێکەسی گرتووە
ئیتر پێنووس و ژورەکەم لە یەکتر جیا ناکرێنەوە
ڕەش هەڵگەڕام
دەوازبێنە، دەستت لەسەر بینم لابە

*****

دائەچڵەکێم
«ئای لەم خەوە نازانم بۆ جار نە جارێ
ئالەم خەوانە ئەبینم.»

(س. ژ، ٨٦)



@kurdica

# عەشقی سووتاو

کچێکی جوان خەونەکانی دابوو بەسەر دەفەی شانیاو
ترپەی هەنگاوی بێ هێزی لە کۆلانی بێدەنگییا
ئاوازێ بوو
خەونی شاری تێکەلاوی گڕو خولیا و تاسە ئەکرد.
هەرئەو کچە
ئەلبۆمێکی پڕاوپڕی بیرەوەری لەگەڵ خۆیا
شەقام شەقام ئەگەڕان و نیشانی خەڵک و خوای ئەدا
چەپکە رەیحانەی چەند نامەی فرمێسکاوی
بە دەستیەوە،... سەرتا پا رەش
لەبەر دەرکەی هەموو ماڵێ رائەوەستا
توند توند لەدەرگاکەی ئەدا...
نامەیەکی ئەهاویشتە ئەودیو درگا..
بۆ بەیانی
هەموو خەڵکی نێو شارەکە رەشیان پۆشی
وەکو بیستم
کەس ئەو کچەی نەناسیبوو
بەڵام ئازارو هەناسەی

دوو بەیانی و سێبەیانی و بگرە زیاتر
لەنێو شاردا هەر مایەوە

****

ساڵ تێپەڕی ... سێ ، چوار ، پەنج ، شەش
شار بەدەگمەن ئازارەکەی بە بیردا دێ
کچەکەمان ئێستا دایکێکی رەش پۆشە
هەرچی شەوە بەیەک چیرۆک ، هەریەک چیرۆک !
منداڵەکەی ئەکاتە خەو .
بەڵام هەرگیز ماندوو نابێت
چیرۆکەکەی قەد کۆن نابێت .

****

هەبوو نەبوو
لە وەرزێکی قات و قڕی سۆزو عەشقدا
کلپەی گڕێکی پڕ لە سۆز
پرچی تاسەو ئاواتێکی کرد بە دەستماڵی سەرچۆپی.
دەوریان گرت و
پێ شێلیان کرد
خەڵووزەکان پڕ بە دەمیان هاواریان کرد
خۆشەویستی ... خۆشەویستی .

هەرئەو شەوە تاسە هات و چەپکە ریّحانەی عەشقەکەی
بەنیّو شاردا بەخشـــیوە.

****

دوای شەش ساڵان
هەواڵێک هات
: "کلّپە دیسان داگیرساوە"
دڵی تاسەش داچڵەکا
«بڵێی ئێستا خۆشەویستی منی ماندووی لەبیرمابێ ؟!»

# عەشقی نەفرینی

ئەوئێوارە
لەسەر هەورە چڵکنەکان
پەیمانمان بەست
بۆیە شەویا تا بەیانی
قوڕئەباری و
چی وەنەوشەت بۆهێنا بووم
بوون بە ژێر لافاوی جەڵغەو تاریکیەوە
باش دڵنیام
ئەوئێوارەی
ئەو دو دەنکە ترێت پێدام
دزیەتی بوو
بۆیە شەویا
هەتا بەیان هەر ژەهری سەوزم هێناوە
ئەوئێوارە شار بۆنی تاوانی ئەهات
من شاژنی وڵاتێ داگیرکراوبووم
کەس ڕێزی لێ نەئەگرتم
نەفرەت ...

نەفرەت
هەر نەفرەت و بێزاریان خەڵات کردم.
خۆشەویستیت
تاوانێکی زۆرگەورە بوو
دەریایەکی بێ ئارام و
ڕەشەبایەکی بێبەزە
نازانم چۆن
نازانم بۆ
شانم دادا
خۆم دایە دەست شەپۆلەکان
پرچم کردە دەسماڵی سەرچۆپی
دەستی ئەم ڕەشەبا
لەو ئێوارەوە تائێستا.
ڕۆژی سەدجار
شەپۆل وبا ئەمهێنن ... ئەمبەن
شەپۆل ئەمخاتەوە کەنار
ڕەشەبا هەڵم ئەگرێت و
ئەمداتەوە
ڕۆژی ئەبم بەمرواری



کوردیکا
@kurdica

بەڵام ئەوساش
ئەو دو دەنکەترێی بۆت دزیبوم
وەکوتانە
بە سەرمەوە هەر ئەمێنن
سەردەمانێ
ئەبن بە ئاوێنەی عیبرەت بۆ بەڵگەی عەشقی نەفرینی

# شــەو ـ بەیـان ـ بـروسـکە

(١)

دیارە ئەمشەو زۆر درێژە
چارشێوی ئەم کەنینە تاڵ و سامناکە
بەم زووانە لەسەر شاخ و کانی و درەخت داناکەوێ
چارشێوی رەش
شەوانە هەرچی چارشێوە رەش ئەنوێنێ
سووربێ ... یان زەرد، سپی ... یان رەش .
ئەمشەو لەدوا کاتەکانی چاوەروانی و خورپەکانما
بۆ جارێ‌تر سەرم کێشایە کوڵانو
چاوم لێ‌بوو ...
...دەستێکی رەش بەئەسپایی ئەهاتە پێش ...
هەرچی بەرپەلی کەوتایە ، لەسوور... لەرەش .
بە پەلە دەرکەکەم داوە
لێ مەخابن
نازانم چۆن چۆنی خۆی خستە ژورەوە
ئێستاش لەئەیرە هەر وەکو کتکە نەفتینە
... هەرخەریکە ...

خۆی لە دارو بەردو دیوارو پەنجەرەی نووستوو
هەڵئەساوێ.
بڵێی بەیانی ژوورەکەم
سپی ... یان سوور
زەردبێ ... یان رەش ؟
بڵێی بەیانی ژوورەکەم چرەنگێ بێ ؟!

(٢)

چ‌شەوێک بوو
دارو دیوار و پەنجەرە و پەردە نووستوو
تەنیا خەمێک خەو لێ زڕاو بە خەبەر بوو
لە نیوێ پێخەفی ئازارا ئەتلایەوە
دەستی لە نیوێ قژیا ون بوو.
چەن تلیدا و باڵنجەکەی ژێر و رو کرد
خەو هەر نەبوو
بەیان خۆی کێشا ژورەکەی
دەستی بە رومەتیا هێنا.
بە ئەسپایی بروسکەیەکی ئاشنای
لەسەر باڵنجەکەی دانا

(٣)

« ریزوسڵاو ....
لە بیرت بێ ئەمشەویش مۆم داگرسێنە .
سوچی پەردەکەت لا بدەو
لە پشتی پەنجەرەی دانە
ئەمشەو منیش هەر لەو ساتەی هەمیشەدا
دێمەوە بەر پەنجەرەکەت
هەر بەو سۆزە لەحەیرانێ ئەچریکێنم
دارو بەردی کۆڵانیش بەخەبەر دێنم
لە بیرت دێ ، پیشتر ... زووتر ،
بەر لەوکاتەی لەدوا ژوانگەی هەنگوینی نیگاکانمانا
وەکو تیری نێو تاریکی
لە پشتەوە بمان پێکن
چۆن چۆنی دەستت ئەهێنا بەسەر قژی خەونەکانما
دەستی تەنیاییت ئەگوشیم
ئەی شاژنی وڵاتی خەم و پەژارە
ئەی تەواری سەوداسەری رووناکایی
لەبیرت بێ ئەمشەویش مۆم داگرسێنە
کۆرپەی بێ ئارامی تاسەم ،
بە چیرۆکی هەمیشەییت بلاوێنە.» بۆ هەلەبچە

# چاوەروانیەکی خۆش

ئەڵێن گوایە هەموو شەوێ
سەردانی ئەم شارەئەکات
گوێ بە دەرکەی زامەکانمانەوە ئەنێ
لەسەر پەنجە دانە دانە جێمان دیڵێ
خۆم نەمدیوە
بەڵام ئەڵێن باڵای بەرزە وەکو تاسە
نیوشان پانە وەکو خەفەت
چاوانیشی وەکو هیوا پڕ بریسکە
سمێڵ ڕەشێکی قەترانی
وەکو شەوانی تەنیایی و چاوەروانی
دەستی بە زەبرو توانایە
زەردە خەنەی لێوێشی پڕ لە مانایە
نەشم دیوەو خۆشم ئەوێ
شەوان چرکە لە خۆم ئەبڕم
چاوەکانم بە بسکی‌خاوی مانگەوە هەڵئەواسم
بەڵکو بێت و ئەمجارەیان گوێ بۆ چرپەی رازەکانی
من را بگرێ



کوردیکا
@kurdica

دڵنیام گەر تەنیا جارێ

خاتوونی ئازارەکانی من ببینێ

جێی ناهێڵێ...

# جـــــگەرە

لەبەر چاوم
وەک جگەرەی داگیرساوی
بە رواڵەت سپی و سوڵ و لەش ڕێک و پێک
نێو چاوان گەش
لە دەرون نوقمی زوخاوی
ئەتناسم و ... ناتناسمەوە
شێوەت ئاشنایە خۆشەویست
دەستت بدە بە دستمەوە
بێ با بڕۆین
بەسەر ڕێگای بزمار ڕێژدا
بەسەر سنگی زەوی تینوو
بەنێو نزاری رو بە ئاسمان دەس هەڵبڕیو
لە دڵ تەنگی ئێوارەدا
ڕێگا ببڕین
بەرەو هەورێکی نەباریو.
لەئەوێ تۆ چرای سەرت جارێکیتر داگیرسێنە
منیش لەبەر تیشکی چاوت
جگەرەیەک.

(س . ژ ، ٨٧)

# مەڵی ئەڕۆم

دەریایەکی توورە بووم و
کاتێ کەنار ئامێزی بۆ ئەگرتمەوە
شێت ئاسایی دەستم لەروویەوە ئەنا
خەمێکی قووڵ لە نێو سەرما
پەنگی ئەخواردەوە وەک مار
لەناو دڵما پەپکەی ئەکرد
هەتا ئەهات
تارمایی خەم بە روی چاوەکانما ئەهات
لەو رۆژەوە
سنگت نابە سنگی شەپۆلەکانەوە
دەستت کرد بە سێبەر بۆیان
باڵات کرد بە قەڵاو لەمپەر
خۆشمویستی.
خۆشەویستیت بوو بە ئارام
بوو بە کەنار
مەڵی ئەڕۆم
ئەم قەڵایە مەڕوخێنە

چرۆی هیوای شەپۆلەکان مەوەرێنە
مەڵێ ئەڕۆم
دەریا لەخۆت مەتۆرێنە.

# چـــەن گلەیی

خۆشەویستیم کتێبی بوو
پڕ لەتاسە و خۆزگە و هیوا
دوا لاپەڕەی خەونەکانم تیاماچ کردو
دامەدەستت
بەڵام تۆ وەک خوێنەوارێکی بێتاقەت
یەک دو فەسڵی سەرەتاییت لێخوێندەوە
ئیتر بەستت
لەسەر ڕفەی یادەکانت
تۆزی خەمو بیرچوونەوەی لێنیشتووە.

****

خۆشەویستیم
درەختێ بوو ، هەتا ئەهات
خاشەکانی بە خاکی عەشقا ڕۆ ئەچوون
لق و پۆشی سەری لە ئاسمان گیر ئەبوو
لەو کاتەدا
ئامێزی بۆ مەلی ماندووی تاسەکانت ئەگرتەوە
نەیئەزانی تۆ نوێنەری ڕەشەبایەکی بێبەزەی
لەگەڵ خۆتا هەواڵی خنکانت پێیە



کوردیکا
@kurdica

****

تۆنوسەری زامو خەندەی ئەم سەردەمەی
چاوی هیوام تێبڕیبوی
بەڵکو لە بۆچوونم بگەی
کەچی تۆیش وەک باپیرانمان
لەسەر رەش و کاڵی نیگاکەم رویشتیو
پەردەی خەمەکەشمت نەدی
کە چۆن چۆنی
بۆتە مەزاری سەد تاسە

****

ئای هاوڕێکەم
هەتاکەی من بەنوێنەری
ژێر دەستەڵاتی و نامۆیی
بەنوێنەری فرمێسک و ناڵین ئەزانی
بە بڕوای تۆ
کاتی ئەوە نەهاتووە
چاوەکانم وەکو پەنجەرەی سەرمێشکێ
پرلە تاسە بزانیتو
پەردەی سەر رازەکەی لادەی ؟!

# ڕێــــگــا

بە بێ من پێ داناگری
ئەم ڕێگایە پڕلەڕازە
بە تەنیایی قەد نایبڕی
دەستم ئەگری و
لە شەقامێکی نامۆدا
بەرەو شوێنێکی نوێ ئەمبەی
سەر شێتانە لەگەڵتادێم
هەر چۆنێک بێ
خۆ بە بێ تۆ
ئائەم دڵە پڕ لە ڕازە لەسینەدا
هەڵ ناگیردرێ.
ئەمبەی ... ئەمبەی ،
بەبێ ئەوەی خۆت بزانی
خۆم بزانم
لە یەکتردا ئەتوێینەوە
وەک بەفرو خۆر
وەک خاک‌و ئاو

کێ ئەزانێ ؟
یەک بەیانی ؟ .. دووبەیانی ؟
رەنگە سێ بەیانی دیکە نەبا
وەکو کانی
لە شوێنێکی تازەتردا هەڵبەینەوە
رازی مەل و باڵەکانی
دار و شنە
سەرما و جیایی
عەشق و گەرما
لەشەقامە نامۆکانی شارەکەمان
وەکو چرا
بۆ رێبوارانی دوای خۆمان
هەڵ کەینەوە .
کێ ئەزانی ؟ ...

# ئــەی عاشقە لووت بەرزەکە

ڕۆیشتیت‌و
وات ئەزانی
لە دوای تۆ ڕۆژ نابێتەوە
هەوری تاسەت
لە ئاسمانی شیعرەکانم ناچێتەوە؟
خۆتت بەچی هاتە بەرچاو؟!
تیشکی هەتاو؟!
فێنکایی ئاو؟!
هیچیان نەبووی
بۆیە زەوی خۆشەویستیم
بەبێ تۆش هەر پڕ بەهرەیە
دەمی شیعرم پر خەندەیە
ئەی عاشقە لووت بەرزەکە
دڵنیام گەر
جارێکی‌تر ڕێت بکەوێتە ئەم ناوە
لەبەر گرشەی پێکەنینما خۆت ناگری
لەبەر چاوی حەپەساوی بێ بەزەتدا

ئەو ژنەی وا دڵێت ئەکرد بە ژێرسیغار
چرای چاوی هیواکانی داگیرساوەو
لە دووری تۆ قەد ناگری.



کوردیکا
@kurdica

# گوڵاڵە

نیگات شۆخە.
وەکو چاوی کانی و پەری تریفەی دێ
هێندە تینووی ئەو چاوانەم
کاتێ زانیت شەوە ناوێک.
وەک بروسکە هاتم بۆلات
جائەو ساتە دەم ئەنێمە کانیچاوت
تینوویەتی خۆم ئەشکێنم
دەستێ بەسەر پرچی خاوی وەک هەورێشمتا ئەهێنم
گوڵاڵە کیان
بە: سیماتا جوانی دایکم
بە هێمنی و نیگاکانتا
خۆشەویستی بێ ئەنجامی باوکم بیردێتەوە
بۆیە وەکو تینووی بەر ئاو
هەر تامەزرۆی نیگاکانتم.

# لارێ

هەر دێیت و دێیت
ئاگام لێتە
بە پێ دزکێ و هەندێ جاریش بە ئاشکرا
ڕێگا ئەبڕیت
بەڵام ناگەیتە ئەو شوێنەی
بە یەکجاری عوقرە بگری و پشوو بدەیت
کەی ماڵ و سامانم لێت ویست
کەی تەلار و کۆشک و قەڵا ..
زێڕ و موورو ... حاشا ، حاشا .
بە چاوی خۆت سەیری دنیای بیرمئەکەی
ڕێگای عەشقم
بە گەزی خۆت ئەپێویتو دوایی نایەت
بە دەسترەی شڕی بیرێ کۆن سەر چاوەکانت بەستووە
هەتا ئەژنۆ لە لیتەی نامۆیی خۆتا هەڵچەقیوی
هەر پەل ئەکوتیو
چنگ لەبۆشایی توند ئەکەی
هەر پەل ئەکوتیو

تراویلکەی ئەوینەکەت
لەسەر دەریای ئەم شەوەدا
ئەتەقێت و ئەتوێتەوە.
دەنگت لە ئاوازی ژینا
ون ئەبێت‌و ناگاتە کەس
شوێن چی کەوتوی ... بۆ کوێ ئەڕوێ
ئەوەی‌ویستم لە دڵتایەو لێت ونبووە
ئەم ڕێگایە ناگاتە جێ‌ژوانی عەشقم
لاڕێ ئەڕوێ ...
لاڕێ ... لاڕێ

# کـــۆچی بێ پایان

بێ‌ئارامی ، وەکو پەیامێکی پەلە
سوور هەڵگەڕانی گۆنایەک
دەنکێ فرمێسک
شمشێرێکی بێ‌کالانی
رووت لەکوێیە
ئەی تریفەی مانگەشەوی شەوانی خەم و تەنیایی
ئەی تەواری سەوداسەری روناکایی
دەبسرەوە و ئارامت بێ
ئەم کۆچە بێ بڕانەوەی
لە سەرتەوە دەستت پێکرد
هەرچەن بڕۆی
هەرلە سەرتا دوایی پێدێت .

# کـــە خەو بە تۆوە ئەبینم

(١)

خەو ئەبینم
دەستم ئەگری و لە تۆفانی سەرسامیدا
بەرەو کەنار ئەمرفێنێ
بۆ بەیانی ....
خۆت تۆفانی

(٢)

لە خەوما تۆ
کورە بالا بەرزەکەیتەو
دەس هەلئەبری
لە باخەکەی دراوسێتان
سێویک ئەدزیو ئەیدەی بەمن
دائەچلەکێم
باخەوانێکی توورەیتەو
سێوەکەت لێ دائەشارم .

(٣)

هەرچی شەوە تۆ پالەوانی خەوەکان



@kurdica

تۆ ئەستێرە و شاخ و ئاسمان
جوانیو بزە و مێهرەبانی ....
بۆ بەیانی ؟!

پیشکەشە بە کورتە شیعرەکانی خانمی نەجیبە ئەحمەد بە نیوٚی «وردەگلەیی»

# سێ تەرح

## ١ ـ جەنگەڵ

کوڕە مەکە هۆ باڵا بەرز
بەس ئەو چاوە سەوزانەم
لێ بقرتێنە
وائەبینی .. خولیای ئەم خەونە سەوزانە
گیانمی کردووە بە داستانی
عەشق و جەنگەڵ
دار و زەریا.

## ٢ ـ بەهارێکی کەم تەمەن

ئەم بەهاری خۆشەویستی و
گوڵ بارانی وشەی جوان و بزەونیگا
بە کوێ ئەگا ؟...
هەر چەن ئەکەم
دڵی سەد جارە شکاوم

بە تەمەنی ئەم بەهارە
بڕوا ناکا !

## ٣ـ جێم مەهێڵە[١٧٧]

بەو چاوانەت داهاتووم
لەدوای چاوت
شەوانێ زۆر بۆ چرایەک دائەمێنم
تۆخوا مەڕۆ
بەو چاوانەت داهاتووم
دوای تۆ چلۆن بە ڕۆژیش ئەستێرەم ببێ
مەڕۆ .. مەڕۆ
لە ڕۆژی ڕەشم مەتۆرە
من ئەستێرە و چرای روونم
زۆر خۆش ئەوێ .


# شـيعرەكانم قەيرە كەوتوون نازانم شەو بۆ پیرنابێ

نازانم شەو بۆ پیرنابێ
ئەو بسكانەی هەتادێ هەر درێژ ئەبێ
چەند حەزئەكەم چەن تاڵ قژی سپی بكات
هەڵیكەنم زیاد بكات
ئەم خاتوونە باڵا بەرزە رەش پۆشە بۆ
قەد پیر نابێ ؟!
نازانم ... نا
دایكم سەری سپی كردو
هەرچەن خۆیشم رۆژی چەن‌جار
لە خومی رەش هەڵ ئەكێشم
لە بەرەوە تاڵ تاڵ قژم سپی ئەكەم
چەن چاوەڕێی بەیانم كردبێ چاكە ؟ ...
چەن جار خەوم بە پەنجەرە و خۆرەتاوەوە بینی‌بێ؟ ...
چەن بە خەیاڵ كراسی تیشكم پۆشیبێ؟ ...
چەن ئەستێرەم دابێ لە لاجانی شیعرم ؟ ...

بەڵام هەرگیز
نە بەیان هاتە ماڵەکەم
نە پەنجەرەم کرایەوە
نە خۆرەتاو دەرکەی ئازارێکی لێدام
باڵام بوو بە چەپکێ تیشکو
شیعرەکانم کز ئەنوێنن
نازانم شەو بۆ پیرنابێ
شیعرەکانم قەیرە کەوتوون
رۆژی چەن تاڵ قژە سەریان سپی ئەکەن.



@kurdica



نشر ژیار